# زمان لای ویتگنیشتاین

1951_ludwig wittgenstein1889

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
ڕاپەڕ عوسمان عوزێری

**لە کاتی بەکارهێنانی زماندا: دوو پرۆسە هەیە :**

**یەکەمیان:** دەرەکییە، کە بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ (نیشانەکاندا)..

**دووەمیان:** ناوەکییە، کە بریتییە لە تێگەیشتنی پەیوەندییەکانی نێوان نیشانەکان..

بە وتەی ویتگنیشتاین: ئەرکی زانا و فەیلەسوفەکان ئەوەیە کە دەبێت گەمەکانی زمان پەکبخەن، و ئاگاداری تەڵەکانی ڕێزمان بن لە ئاستی بەکارهێنانی نیشانە ناوەکیی و دەرەکییەکاندا ..

**ویتگنیشتاین:** زیاتر گرنگی بە زمان داوە وەکوو برۆسەیەک کە ملکەچی ڕێزمان دەکات.. لەبەر ئەوەی کێشە فەلسەفییەکان بریتیین لە بە هەڵە تێگەیشتن کە (بەڕوونکردنەوەی ئەو ڕێزمانەی کە لەکاتی بەکارهێنانی فریودانەوە بە کاردێت) ، بەوە ئەو بەهەڵەتێگەیشتنە نامێنێت..

چوارچێوەی فەلسەفە بەوە پێناسە دەکرێت کە بەرەنگاربوونەوەی کێشەی بیرکردنەوەمان دەبێتەوە، لە ڕێگای (زمان) ەکەماندا..

**فەلسەفە:** لە پێش هەموو شتێکدا، بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشانەیە کە هەندێک لە شێوەکانی دەربڕین درووست کراون و هۆی کێشە فەلسەفییەکانیش: کەمی زانست نییە، بەڵکوو بەهۆی تێکەڵ و پێکەڵبوون و ناڕێکوپێکی ئاستەکانی زانستە..!

**زمان لای ویتگنیشتاین:** ڕێگایەکە بۆ زانست.. بەهۆی ئەوەی زمان ئامرازێکە بۆ تێگەیشتنی مانا لە وتاردا.. و بەبێ ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان زمان و بیرکردنەوەدا هەیە زمان هیچ مانایەکی نامێنێت بۆ فەلسەفەی زانست و بیرکردنەوە و تێگەیشتن.. لەبەر ئەوەی هەموو شتێک لەنێو زماندا ڕوو دەدات.

**مەبەستی ویتگنیشتاین:** ئاشکراکردنی ئەو پەیوەندییەی نێوان زمان و جیهانە.. و چی دەتوانرێت بزانرێت دەربارەی ئەم پەیوەندییە؟ و چی دەتوانین ئاشکرابکەین و بیسەلمێنین دەربارەی ئەم پەیوەندییە؟.. ویتگنشتاین بە شپرزەییەوە گەیشتە ئەوەی کە (زمان لە چەندەها پێکهاتەی لۆجیکییەوە پێکهاتووە) و ( ئەم پێکهاتانە ئەو سنوورانەن کە یاریدەرمان دەبن بۆ دیاریکردنی ماناکان) ، لەبەر ئەوە (سنووری زمان) بە پێی بیرکردنەوەی ویتگنیشتاین دەکاتە (سنووری فەلسەفە)

هەروەها نەخۆشی هەر سەردەمێک لەسەردەمەکان چارەسەردەکرێت، بە جۆرێک شێوازی ژیانی خەلک بگۆردرێت، بەلام نەخۆشییە فەلسەفییەکان ناتواندرێت چارەسەر بکرێن، تەنیا دەبێت جۆری بیرکردنەوەیان بگۆڕدرێت.

هەروەها (ئەو شتەی کە ناکرێت هیچی لەسەر بلێیت، ئەوا دەبێت بێدەنگیی لێ بکەیت) ، ویتگنیشتاین هەلگری پارادۆکسێکی ئاشکرایە: ئەمە خۆی قەدەغەیەکی سەربار (superfluous) ی لەخۆیدا هەلگرتووە، چونکە شتێک قەدەغەدەکات کە خۆی هەر (قەدەغە) و مەحالە. (واتا شتێک کە نەتوانین بیلێین، ئیدی بۆ هەولنەدەین بیلێین، کاتێک خۆی هەر بەبوونیاد قەدەغەیە و ناتواترێت بگوترێت, ئیدی تۆ بێدەنگ بیت و نەبیت, ئەو هەر نایەتەگۆ. لێرەدا لەبری یەک جار بێدەنگی, بێدەنگییەکی دووقات بەرهەمدێنین کە خالی نییە لە ژاوەژاودا. لێرەدا فەلسەفە و عیرفان یان فەلسەفە و ئێستاتیکای کارەسات دەکەونە بەرانبەر یەکترییەوە کە یەکەمیان لانی کەمی وتن بەرهەمدێنێت و دووەمیش بەشێوەیەکی لەخۆبابیانە بێدەنگییەکی وەڕسکەر دەخولقێنێت: خالی ڕادیکال ئەوەیە ئەو شتە نەلێیت کە دەشێت ئاسان بگوترێت. ئەم بێدەنگییە مانا و وزەی وتنێکی دووجای لەخۆیدا هەلگرتووە کە یەکەمیان وتراوە و باوە کە پووچەلێدەکاتەوە و دووەمیشیان ئەگەری وتنێکی دیکە و نوێی لەخۆیدا پاراستووە).